
# ئەمەیە مرۆڤ

# لە لێواری دێوانەیی‌دا




کیت ئەنسڵ پیەرسۆن

و. وریا ئەحمەد

دەبێت دوو خەسڵەتی سەرەکیی نوسینەکانی دواییینی نیچە ڕەچاوبکرێن. یەکەم، ئەوەی وەک فەلسەفەی داهاتوو نوسراون و، هەروەتر هەواڵی ڕوودان و سەرهەڵدانی وەها فەلسەفەیەک ڕادەگەیەنن. دووهەم، بە پێچەوانەی ئەوەی وا بە بەشی "بەڵێگوتن"(ئەرێیاندن-ئەرێگۆیی و جەختلێکردنەوە)ی ناو کارەکانی خۆی دادەنا و لە نوسراوەکانی بەرایی ویدا و لە ساڵی ١٨٧٨ بەدوا بوونی هەبوو، ئەم نوسراوانە بە بەشی "نەخێرگوتن"(نەرێیاندن-نەرێگۆیی)ـی سیاقی کارەکانی دادەنرێن و بە سەنگیمەحەک بۆ دووبارە نرخاندنەوەی بەهاکان و هەواڵدەری "ڕۆژی مەزنی بڕیار" ئەژمار دەکرێن. وی دەبێژێت لەم خاڵە بەدوا، گشت نوسینەکانی، چون قولاپی ماسیگرتن بەدوای نێچیرەوەن و، بە دەربڕینێکی تر، ڕستێک کۆششی خاپێنەر و هەڵفریوێنەرن (amor و amus لە زمانی لاتینیدا بەمانای قولاپ دێن).

بەرهەمە مەزنەکەی نیچە، کە وی ناوی بەرایی (***ویستی هێز: کۆشش بۆ هەڵسەنگاندنەوەی بەهاکان***)ی لێ نا، هیچکات بە دوامەنزڵگەی خۆی نەگەیشت. بەڵام دەتوانرێت شتانێکی ناو ئەم پەرتووکە لە چێوەی دەقەکانی چون ***ئاوابوونی بتەکان*** (چاپی ١٨٨٩) و ***دەجاڵ*** (چاپی ١٨٩٥ کە لەکن نیچە هەوەڵین پەرتووکی دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی بەهاکان بوو) وەدۆزرێن. بەم بەرهەمانە، سەنگەرگرتنی وی لەدژی ئەخلاق و بەتایبەت ئەخلاقی کریستیانی، جددیتر دەبێت. ساڵی ١٨٨٦، ڕستێک پێشەکیی نوێی بۆ بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسی، کە لە ڕیزی باشترین بەخۆداچوونەوە فەلسەفییەکانی وی دادەنرێن. نیچە ڕایدەگەیەنێت کە خودی ئەویش بە جۆرێک "ڕاوچی باڵندە[1]"یە و، لەبەرانبەر خواستێکی نازانستی بۆ ڕەشبینییەکی ڕۆمانتیک، خەریکی بەرەنگاری و بەرخودانە، خواستێک کە ئەزموونە کەسییەکان بۆ ڕێسای گشتی دەگۆڕێت. نیچە لە چێوەی بیرکردنەوەکانی خۆیدا، بەگژ خواستەکانیدا دەچێتەوە و، تەنانەت شەیدای وەها بەگژداچوونەوەیەکیشە.

تەنیا لە کۆتایی ژیانی ساغلەمی نیچەدا بوو، کە سەرنجی نووسیارانی ئەورووپایی و بیرمەندان کەوتە سەر نوسراوەکانی (بۆ نموونە کەسانی وەکوو هیپۆلیت تێن[2] و ئاگۆست سترێنبێرگ[3]). خودی نیچە، ئەوەی گوایە کاریگەریی ژێربەژێری بەسەر تۆپەڵێک لە گرووپ و دەستەگەلی تووندڕۆوە هەبووە، بە بابەتێکی کۆمیدی دەزانی. وی دەبێژێت لە تەمەنی چلوسێ ساڵیدا هێندەی ڕۆژانی منداڵی هەست بە تەنیایی دەکات. وی وەک چارەنووسێکی داسەپاو لەبارەی تەنیایی خۆیەوە دەپەیڤێت، کە لە چێوەیدا هەمان ئەو ئەرکە نائاسایی و کێشەدارەی وا هانی دەدات درێژە بە ژیان بدات، هانیشی دەدات تا خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەردووم و گشت پەیوەندییە ئاساییەکانی مرۆ بەدوور بگرێت. نیچە باوەڕی وابوو لایەنگری لە ئەو، نە زەرووریيە و نە خواستراوە و، پێیوابوو لەبری ئەمە، مامەڵەی عاقڵانەتر لەگەڵ ویدا ئەوەیە هەر

---

[1] ڕاوچی باڵندە یان "مەلگر" دەستەواژەیەکی نیچەیە و بۆ پەردەلادان لەسەر هونەری خاپاندنی فەیلەسووفانی میتافیزیکگەرا بەکاری دەهێنێت. گوایە وان لە تەشتەقی ئاسمانی خەیاڵپڵاویی میتافیزیکدا، هەڵوەدای ڕاوکردنی باڵندە و مەلی سەیروسەمەری میتافیزیکیین و؛ لەم ڕێگەوە گیانی خەڵکی هان دەدەن بەدوای وەها تەیروتویرێکەوە لەشەقەی باڵ بدەن و ئەوە لەبیر بکەن کە بوونەوەرانێکی زەمینیین.

[2] Hippolyte Taine (21 April 1828 – 5 March 1893).

[3] Johan August Strindberg (22 January 1849 – 14 May 1912).

هەمان ئەو هەڵوێستەی لەمەڕ بگیرێتەبەر کە لەبەرانبەر گیایەکی نامۆ و نەناسراودا دەگیرێتەبەر، واتا هەڵوێستێک کە زادەی کونجکۆڵی و جۆرە بەرهەڵستی‌نواندنێکی گەپجاڕانەیە. لە نامەیەکدا کە بەرواری دیسامبەری ١٨٨٧ی بەسەرەوەیە و ئاڕاستەی جۆرج برایندیس[4]ی ڕەخنەگری دانیمارکی کراوە _هەوەڵین کەسێک کە دەربارەی بەرهەمەکانی وی وتاری دابوو_، نیچە وێناندنی ئایدیاکانی بە "ڕادیکاڵیزمی ئەریستۆکراتیک[5]"ی لە لایەن برایندیسەوە، ڕاستتاند.

لە ١٨٨٨دا، نیچە کۆتا هاوینی لە سیلس‌ماریا[6] بەسەر برد. لە بەراییەکانی ئەم ساڵەدا بۆ فرانک ئۆڤێربێک[7]ی هاوڕێی نووسی، نابێت چیتر دونیا چاوەڕوانی شتەیلی جوان لەو بکات، درووست وەکچۆن لە ئاژەڵێکی ئازاردیدە و یەکجار برسی چاوەڕێی ئەوە ناکرێت کە بەزەیی بە نێچیرەکەیدا بێتەوە. و پێی لێ دەنێت کە لە عیشقی شادیهێن و شەفابەخشی مرۆیی داماڵدراوە و، کەمە پەیوەندییەکیش کە بە ئەوانی‌ترەوە هەیەتی، بەهۆی گۆشەگیرییە بێهوودەکەیەوە دەگۆڕێت بۆ شتێکی بریندارکەر. لە نامەیەکی دیکەدا و هەر لەو ماوانەدا، خۆی وەک ئاژەڵێکی نەخۆش و "فەیلەسووفی دڕندە"[8] ناو دەبات. وی زۆرباش دەزانێت فەیلەسووفێک کە دەستپێکەری کێشمەکێش و بەگژداچوونەوەیەکی شێلگیرانە بێت لەدژی گشت ئەو شتانەی وا مرۆڤەکان تا هەنووکە بە ڕێزلێگیراویان زانیوە، بە تووندوتیژییەوە پێشوازیی لێ دەکرێت، تووندوتیژییەک کە وی ناچار بە گۆشەگیرییەکی بێ‌گیان دەکات و دەبێتەهۆی ئەوەی لە جوخزی پاتۆلۆژی[9] و دەروون-پزیشکییەوە پەرتووکەکانی داوەری بکرێن. نیچە مکوڕ بوو لە شتێک تێبگات کە ناوی لێ نابوو "ئارێشەی دەروونی"ی سۆرێن کیرگەگارد[10]ی بیرمەندی مەزنی دانیمارکی. وی هەرگیز ناڵێت لە بەرکارهێنانی وەها دەستەواژەیەکدا چ مەبەستێکی هەیە و هەر لاپرەسەنیی و کونجکۆڵی ئێمەومانان دەبزوێنێت و بەس. نیچە لە کۆتاساڵەکانی ساغلەمیی عەقڵییدا، شاری تۆرینۆ[11] سەرنجی ڕاکێشا، تێیدا لەبری مەزنەشارێکی ئیمرۆیی، "مەنزڵگای شانشین‌ئاسای سەدەی حەڤدەهەم"ی دەبینی کە خودانی ئارامییەکی ئەریستۆکراتییانە بوو بێ ئەوەی پشتێن‌نشین و گەڕەکی پەست و زەوقی چونیەک و یەکسانی زۆرینە لە ئاردا بن. وی بە تایبەت کافێ جوانەکان، شۆستە سەرنجڕاکێشەکان، تراماواکان و پاسەکان و شەقامە خاوێنەکانی خۆشدەویست.

نیچە لە تەمەنی ٤٤دا نوسینەوەی ***"ئەمەیە مرۆڤ"***ی دەستپێکرد و، پێی‌وابوو ئەم تێکستە تاقیکردنەوەی ئەوە لەمەڕ ئەوەی وا دەشێت بە "ئایدیا ئەڵمانییەکانی ئازادیی بۆچوون" ئەنجام بدرێت و لەسەنگی‌مەحەکدانی ئەو ئایدیایانەیە. وی مەبەستی

---

[4]Georg Brandes (1842 – 1927).
[5] Radical aristocracy.
[6] Sils Maria (Switzerland).
[7] Frank Overbeck.
[8] La bete philosophe.
[9]Pathology (نەخۆشیزانی).
[10]Søren Kierkegaard (1813_1855).
[11]Torino (turin).

بوو تا لەمەڕ خۆی و نوسینەکانییەوە، "بە هەموو تەڕدەستییەکی دەروونی کە بشێت و بە پاتاڵییەکی[12] شادمانانەوە" بپەیڤێت. وی دێژێت ئەوی وا چون پەیامبەرێک مامەڵەی بکەن، کۆتا شتە کە دەیخوازێت و، هیواداربوو ئەم پەرتووکە بتوانێت خوێنەران لە وەها هەڵەیەک دووربخاتەوە. ناونیشانی پەرتووکەکە نەک هەر دەلالەتە بۆ پەیڤە ناسراوەکەی پۆنتیۆس پلاتیۆس[13] دەربارەی مەسیح، بەڵکوو دەلالەتیشە بۆ قسەیەک کە ناپلیۆن لە پێشوازیی گۆتەدا گۆی کرد.

"voilà un homme!" (ئەمە تەنیا پیاوێکە)، نیچە ئەم قسەیە وەها لێکدەداتەوە: **"**ئەمە خۆ بە تەنێ پیاوێکە و بەس! لەکاتێکدا من چاوەڕێی بینینی ئەڵمانییەکی پەتیی بووم!**"**(ئەودیوی چاکە و خراپە، ٢٠٩). ڕوونە، نیچەش پێی خۆش نەبوو بە "ئەڵمانییەکی پەتی" دابنرێت. وی خۆی بە "ئەورووپاییەکی باش"، "دواهەمین ئەڵمانیی دژە سیاسەت"، پۆڵەندییەک، و ستایشکەری کولتووری فەڕەنسایی و بەکورتی هەرشتێک بێ لە ئەڵمانییەکی پەتی، دەناساند. هەر لەم زەمەنەدا، وی لە نامەگەلێکدا کە بۆ کەسانی جیاجیای ناردبوو، گوتبووی هەرگیز لەمە ساغڵەمتر نەبووە. چەند نامەیەکی بۆ کەسانی وەکوو "ویلهامی دووەم"[14] و خوشکەکەی خۆی نووسی. لە نامەیەکدا خوشکەکەی پێی ڕادەگەیەنێت کە ناچارە بۆ هەمیشە دەستبەرداری بێت. نیچە پێش ئەمەش کۆشابوو تاکوو بە شێوازێکی بنجبڕ و بۆ هەمیشە ئەم کارە بە ئەنجام بگەیەنێت. بە دیدی وی، ناکۆکییەک کە دەبوو بەهۆی جیابوونەوەیان، دژەجووبوونی خوشکەکەی بوو.

مانگی دیسامبەر ***"ئەمەیە مرۆڤ"*** بۆ بڵاوکار ڕەوانە دەکرێت و، خاوەنماڵەکەی نیچە، دەبینێت وا نیچە بە ڕووتی خەریکی سەما و ئاوازخوێندنە. سپێدەی ڕۆژی سێهەمی مانگی جێنیوەریی ساڵی ١٨٨٩، کاتێک لە گۆڕەپانی پیازا کارلۆ ئەلبێرتۆ[15]ی شاری تۆرینۆ سەرقاڵی پیاسەکردن بوو، بینی گالیسەکەچییەک ئەسپێکی بەر قامچی داوە. نیچە باوەش بە گەردنی ئەسپەکەدا دەکات و دواتر دەکەوێتە سەر زەوی و دەبوورێتەوە. بەدرێژایی چەند ڕۆژی دواتر، ڕستێک نامەی ئابڕووبەری نووسی: بۆ گاست[16]ی نووسی کە دونیا تووشی بەدگۆڕان هاتووە؛ بۆ جۆرج براندیسی، یەکەمین بەرگریکەر لە نیچە، نووسی کە نها براندیس پاش دۆزینەوەی وی نازانێت چۆن ونی بکات؛ بۆ کۆزیما ڤاگنەری هاوژینی ڤاگنەری نووسی "ئاریانا، خۆشمدەوێیت"؛ بۆ ئۆڤێربێکەی نووسی وا خەریکە گشت دژەجووەکان گوللەباران دەکات؛ بۆ هاوپیشەکەی جارانی خۆی لە بازڵ، ژاکۆپ بۆرکهات[17]ی نووسی، کە خودی خۆی گشت ناوەکانی خودایە لە مێژوودا. بۆرکهات نامەیەک وا بۆی ڕەوانەکرابوو، پیشانی ئۆڤێربێک دەدات. دوای ئەمە، ئۆڤێربێک دەچێتە تۆرینۆ و نیچە دەگەڕێنێتەوە بۆ

---

[12] Vulgarity.

[13]Pontius Pīlātus.

پۆینتیۆس پیلاتیۆس، لە ماوەی ساڵانی ٢٦ تا ٣٦ی زاین لەلایەن ڕۆمەکانەوە وەک والیی ئۆرشەلیم دانرابوو. ناووناوبانگی وی پتر بەهۆی دادگاییکردنی مەسیحەوە بوو، کە بە پێچەوانەی خواستی خۆی، ناچاربوو مل بدات بۆ لەخاچدانی وی. کەمێک پیش لەخاچدانی مەسیح، پۆینتیۆس لەکاتێکدا دەستی بەرەو یەسوع ڕاداشتووە و ڕووی لە ئاپۆرای تووڕەی خەڵکی جۆشدراو کردووە، ڕستە بەناوبانگەکە دەهێنێتە سەر زمان: "ئەمەیە مرۆڤ" کە بەلاتینی دەبێتە (ECCE HOMO). ئەم جووڵەیەی والیی ئۆرشەلیم و پەیڤەکەی، وەک ئیدیۆم لە کولتووری کریستیانیدا بڵاودەبێتەوە و دەبێتە سەرچاوەی سرووشی چەندان کاری هونەریی کریستیانیی. و.

[14]kaiser Wilhelm II (1859_1941).

[15]Piazza Carlo Alberto.

[16] Peter Gast.

[17]Jacob Burckhardt (25 May 1818 – 8 August 1897).

بازڵ. بە گوتەی ڕۆدیگەر سافرانسیکی[18] کە یەکێکە لە ژیننامەنووسانی نیچە، مێژووی فەلسەفیی نیچە لە مانگی جێنیوەریی ساڵی ١٨٨٩دا کۆتایی دێت و، پاشان مێژوویەکی تر دەستپێدەکات، ئەم مێژووە لێکەوتە و زایەڵەی دەنگی نیچەیە و تا هەنووکە درێژەی هەیە.

ئەگەرچی بڕیار نەبوو وابێت، وەلێ ***"ئەمەیە مرۆڤ"*** بووبە دواهەمین پەرتووکی نیچە. وی نەخشەگەلی بۆ پرۆژەی تازە هەبوو بەڵام لەو سەروەختەدا سەرقاڵی پێداچوونەوەی نوسینەکانی و ڕێنوێنیکردنی خوێنەرانی داهاتووی بوو. ئەم پەرتووکە، پەرتووکێکی سەرمەستانەیە و بەشەکانی هەڵگری ناونیشانی گاڵتەئامێز و گەپجاڕانەن: وەکوو "بۆچی من ئاوها ژیرم"، "بۆچی کتێبەیلی ئاوها باش دەنووسم" و "بۆچی من چارەنووسم". ناونیشانی لاوەکیی پەرتووکەکەش ئەمەیە: "چۆن ئەوە بین کە هەین"[19] ئەم دەستەواژەیە لە یەکێک لە قەسیدەکانی پەرستگای دێلفی، هەڵبەستی پینداریۆس[20]ی یەکێک لە هۆزانڤانانی سەدەی پێنجەهەمی پێش زایینەوە وەرگیراوە، کە دێژێت: "ببە بەوەی، کە هەیت"[21]. (هەروەها بڕوانە زانینی شاد، ٢٧٠). بەڵام لە پێشەکی و شوێنانی تری پەرتووکەکە جەخت لەوە دەکات کە "کێیە" و پێمان دەڵێت، شاگردی "دیۆنیسیۆس[22]"ە __دیۆنیسۆسێک کە دەبێت وەکوو فەیلەسووف ئەژمار بکرێت (بڕوانە ئەودیوی چاکە و خراپە، ٢٩٥)__ و ئەوەش کە چێژخوازبوونی[23] لا پەسەندترە وەک لە قەدیسبوون. ئەگەرچی نیچە ئەخلاقناباوەڕێکە کە لەسەرووی "چاکە و خراپە"وە دەفەلسەفێت، لێ دێوەزمەی دژە ئەخلاقیش نییە. نوسینەکانی وی خۆیان بە ئەرکی لێخوڕینی مرۆڤایەتی نەسپارد و، وی هیچ "بت"ێک(واژەی بەکارهێنراوی نیچە لەبری ئایدیاڵ)ی تازە ناسازێنێت و بەپێچەوانەوە خۆی بۆ ئاشکراکردنی "درۆ" ی ئایدیاڵ تەرخانکردووە و دەخوازێت مرۆڤایەتی خودانی مافی "باڵادەستی بەسەر ئایندە"دا بێت. دەتوانرێت بگوترێت بە ئاوها پەیڤینێک لەمەڕ خۆ، نیچە خەریکی بەگژداچوونەوەی خۆیەتی و لەگەڵ خۆیدا لە جەنگدایە و، لە هەمبەر میراتێکی ئاڵۆزدا بەرهەڵستی دەنوێنێت کە پەند و وانە تازەکەی بۆ خوێنەرانی ئایندە بەجێدەهێڵێت: نکۆڵی لە زۆرێک لە شتەکان دەکەین و لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕمان بە زۆرێک لە شتەکانی تر دەبێت؛ دەبێت دەست لە ئادیاڵەکانمان بشۆین و لەگەڵ ئەمەشدا ئەرک و کاری تازە دەخەینە ئەستۆی خۆمان و لەگەڵ خۆماندا توندی دەنوێنین؛ بەڕاستی ئێمەی ئیمڕۆیی، دەبێت لە گشت مرۆڤەکانی پێشووتر، پتر لەئاست خۆماندا ڕژد بین و پتر توندی بنوێنین.

---

[18] Rüdiger Safranski (January 1, 1945_ ).

[19] Wie man wird, was man ist (چۆن ببین بەو شتەی کە هەین).

[20] Πίνδαρος (Pindarus: 518 – 438 BC ).

[21] Genoi hoios essi.

[22] Διόνυσος (Dionysus).

[23] Σάτυροι.

ساتیر یان ساتیرەکان، بەگوێرەی میتۆلۆژیاکانی یۆنانی کۆن، گیانی دارستان و بێشەڵانەکانن. لە کەمەر بۆ سەرەوە مرۆڤ و لە کەمەر بەرەو خوار بزنن. وان خۆشمەشرەب و چێژخوازن و هەمیشە لە بەزمورەزمی سرووتی دیۆنیسیۆسییدا ئامادەن.

هانابردنی نیچە بۆ دیۆنیسیۆس، لە نوسینەکانی دواتریدا دەردەکەوێت. لە پاژێکدا بە ناونیشانی "ئەوەی وا من تێیدا قەرزداری پێشینانی دێرینم" لە سیاقی پەرتووکی ***ئاوابوونی بتەکان***دا، پرسی دیۆنیسیۆسی وەک باوەڕ بە ڕەوشێک پێناسەکراوە، کە تێیدا بە شێوازێکی ئایینیی هەست بە "قوولترین غەریزەی ژیان"، (واتا) غەریزەی ئایندە و ئەبەدییەتی ئایندە، دەکرێت. دەتوانرێت لە "ڕازە دیۆنیسیۆسییەکان"دا "گەڕانەوەی هەمیشەیی ژیان" بدۆزرێتەوە، کە لە چێوەیدا، داهاتوو لە ڕابردوودا ستایش دەکرێت و، هەروەتر گۆڕان و ئەرێیاندنی سەرکەوتووانەی ژیان لە سەروو و لەودیوی مەرگەوە تێیدا بوونیان هەیە. نیچە دواتر سەرنجی دا کە هەوەڵین پەرتووکی بڵاوکراوەی، واتا ***لەدایکبوونی تراژیدیا***، مەسیحییەتی کپ و بێدەنگ کردووە و، پێیوابوو ئەم بێدەنگکردنە کارێکی هەم ژیرانە و هەم تووندوتیژئامێزە. ڕاستییەکەی بە تەنێ لە سیاقی دوایین بەرهەمدایە، کە وی دیۆنیسیۆس چون هەڤدژی تەواوەتی و کۆتایی لەبەرانبەر مەسیحی لەخاچدراودا دادەنێت. ***ئەمەیە مرۆڤ*** بەم پەیڤە کۆتایی دێت: **"**داخۆ فامکراوم؟ دیۆنیسیۆس لەبەرانبەر لەخاچدراودا**"**. نیچە جیاوازیی نێوان ئەم دووانە بۆ جیاوازیی مانای شەهیدبوونیان[24] دەگەڕێنێتەوە. لە مەسیحییەتدا، کە یارۆی لەخاچدراو بە بێگوناه دادەنێت، ئازار، پرۆتێستی[25]"بوون"ە و ڕێگەیەکە بەرەو ژیانی پیرۆز؛ وەلێ پەیوەست بەوی تر (واتا دیۆنیسیۆس)، "وجوود هێندە پیرۆزە، بایی ئەوەی تەنانەت زۆریوبۆری و زەبەلاحیی ئازاریش پاساو بدات". لەکاتێکدا خودای سەر خاچەکە، "نەفرەتە لە ژیان" و ڕێگەی ڕزگاربوونە لێی، دیۆنیسیۆسی پارچەپارچەکراو، "پەیمانی ژیان"ە و "هەتاهەتایە دووبارە لەدایک دەبێتەوە و پاش وێرانی، دیسان دێتەوە"(ویستی هێز، ١٠٥٢). چەمکی دیۆنیسیۆس، بەمانای بەڵێکردن دێت، لێ بەڵێ-کردنێک کە لە خۆیدا نەفییکردنێکی بونیادییشی هەڵگرتووە: نەفیی یارۆی لەخاچدراو و ئەخلاقی کریستیانی. هەر سێ پاژی کۆتایی ***ئەمەیە مرۆڤ***، دەستەواژەی "داخۆ فامکراوم"یان تێدایە. بۆیە مەسیحییەت ڕەخنە دەکرێت، چونکە کینەدۆزانەترین شکڵی "ویستی درۆ"یە؛ چونکە ئاکارێکی "دژەسرووشتی"ی هەیە و ڕۆحی بۆ وێرانکردنی لەش داهێناوە و، ژیانی، لە ڕێگەی مژینی خوێنییەوە و بەپاساوی پێشخستنی ڕەگەزی مرۆیی، لەناوبردووە ("خوێنمژی ئەخلاق") و ...هتد. نیچە خۆی بە چارەنووس دادەنێت، ئاخر وای بۆ دەچێت ڕوخساری ڕاستەقینەی ئەخلاقی مەسیحییەتی لە چێوەی ڕووداودا پیشان داوە، کە بێوێنەیە و "کارەساتێکی واقیعی"یە.

نیچە دەبێژێت ئیلهامبەخشی وی لە نوسینی ***ئەمەیە مرۆڤ***دا، خواستی بەرهەڵستییکردن بووە لە سوودخواستن لە پەرتووکەکانی و، گوایە ئەم کارەی لە ڕێگەی ناساندنی خۆی بە مەردوومەوە بە ئەنجام گەیاندووە. بەڵام تا چ ئەندازەیەک نیچە دەتوانێت شایەتێکی جێی دڵنیایی بێت بۆ ئەم کارە؟ مشتومڕهەڵنەگرە کە وێنەیەک وی لە ***ئەمەیە مرۆڤ***دا لە خۆی پیشان دەدات، وێنەیەکی ئاڵۆز، فرەڕوو و سەرلێشێوێنەرە. لە لایەک دەنگی چارەنووسە کە دەیبیستین: **"**ڕۆژێک دێت ناوی من لەگەڵ ترسدا هاوتەراز بێت، لەگەڵ قەیرانێکدا کە لە زەویدا وەکوو هیچ قەیرانێکی دیکە نییە**"**، دەنگێک کە هەواڵی

---

[24] Martyrdom.

[25] Protest (ناڕەزایەتی، ئیعتراض).

هاتنی شتانی هەراسناک و مەزن ڕادەگەیەنێت: "ئەو جەنگانەی تا نها نموونەیانم نەدیتووە". لە لایەکی ترەوە ئەم دەنگە هەڵوەدای ڕێنوێنکردنی ئێمەومانانە بۆ خواردن و خواردنەوە: "قاوە مەخۆنەوە خەمۆکتان دەکات؛ چا باشە بەڵام تەنها بەیانیان". وی بەرەو مەشقی شێوەیەک لە عەقڵانییەت و بەرگرییکردن لە خۆ بانگهێشتمان دەکات، کە توانای ئەوەمان پێ دەدات تاکوو لەبەرانبەر خەڵکان و دۆخەکاندا، تا ئەو جێیەی کە دەلوێت و مومکینە، کاردانەوە نەنوێنین؛ تاکوو بێ لە چەند پەرتووکێکی باش، پەرتووکەیلی تر نەخوێنینەوە: "خوێندنەوەی کتێب لە هەوای تازەی بەربەیاندا، یەکجار نادرووستە"؛ تاکوو خۆ لە هاوشێوەبوونی ئەو زانایە بەدوور بگرین، کە لە هەڵدانەوەی پەڕەی کتێبان بترازێت کارێک ناکات و دواجاریش توانای سەربەخۆ بیرکردنەوە لەدەست دەدات و بە تەنێ بەرسڤی بزوێنەرەکانی دەداتەوە؛ دووربین لە هۆڵەکانی خوێندنەوە؛ کەمتر هەڵکورمێین و دابنیشین و، ئەو بیرانەی کە زادەی هەوای ئازاد و ئەم یاڵەویاڵکردن نین، بە هێندیان وەرنەگرین؛ شکسپیر وەکوو گەپجارێکی مەزن بخوێنینەوە؛ و هاملێت بە ڕوخسارێک بزانین کە بۆ ئەو، دڵنیایی بنجبڕ نەک گومان، مایەی شێتییە.

یەکێک لە ڕاڤەکاران بەناوی پیتەر سلۆتەردایک[26]، نیچە بەوە تۆمەتبار دەکات گوایە لە ***ئەمەیە مرۆڤ***دا لەسەر لۆژیکی "خۆسەریی خۆپاساودان" زۆر پێداگری دەکات. بە بۆچوونی وی، نیچە تووشی هەمان شت دەبێت کە خۆی ناوی لێناوە "کینەدۆزیی مەزن" (ئەمەیە مرۆڤ، "وەهای گوت زەڕدەشت"، ٦). سلۆتەردایک، ئەمە بە ناچاربوونی نابەدڵ بە ئەنجامدانی کنەوپشکنینی پشتی پەردەی ئەوی وا کردوومانە، دادەنێت، کە دەبێتەهۆی دووکەرتبوونی بێپسانەوەی "خود" بۆ "خود"ی خۆهەڵنەر و "خود"ی بەیادهێنەر. لە پەیوەندیدا بە نیچەوە، بابەتەکە بریتیی بوو لە خواستی یەکخستنی "مەزنی" و "ئیگۆ"ی کەسیی خۆی، کە داپووکانی "مەزنی"ی لێ دەکەوێتەوە. بە دیدی سلۆتەردایک، نیچە دەرگیری خودهەڵسەنگاندنی خۆسەرانەی ڕستێک پرۆسێسی داهێنەرانەیە، کە نا_خۆسەرانەن. وی بەو هەموو ژیرییە دەروونناسییەوە، یان پەیتاپەیتا ژێستی کەسێک وەخۆدەگرێت کە خوازیاری پێداهەڵگوتن و ڕێزی ئەوانی ترە، یان چونکە هاوسەردەمەکانی بلیمەتیی ئەویان درک نەکرد، خۆی ئاوازی بەخۆداهەڵگوتن دەچڕێت. ئاوها نیچە هەمیشە سوود لە خۆی دەبینێت و هێزی ژیان و فیکریی خۆی دەخاتەگەڕ: "بیچم و ستراکچەری کۆنتری بەهاکان هەمیشە ئایدیا تازەکانی ئەویان هەڵدەلووشی و، ناچاربوونی ئیگۆی مردوو بە هەڵسەنگاندی خۆ، هەمیشە بە بەهای کۆششە گرنگ و زیندووەکان سەردەکەوت."[27] ئەگەرچی ئەم پەیڤە گۆشەنیگای درووستکەر لەمەڕ لایەنە مومکینەکانی نووسەریی نیچە لە پەیوەندییدا بە ***ئەمەیە مرۆڤ***ەوە بەدەستەوە دەدات، وەلێ بەڕاستیی لە تێگەیشتن لە خەسڵەتی تێکچڕژاوی و ئاڵۆزیی وی، شکست دێنێت و نایپێکێت.

---

[26] Peter Sloterdijk (1947_ ).

[27] Peter Sloterdijk, Thinker on stage: Nietzsches Materialism, trans. Jamie owen Daniel (University of Minnesota Press, 1989), pp. 44_45.

به بۆچوونی ڕاڤەکارێکی تر بەناوی ئالان بادیۆ[28]، ڕووداوی نیچە وەک فەیلەسووفێک، لەژێر هێمای دێوانەیی‌دا هەم خۆی بەیان دەکات و هەم خۆی لەناو دەبات. هەڵبەت دەزانین نیچە شێت بوو، وەلێ بە دیدی بادیۆ لێرەدا دێوانەیی بەمانای شێتبوونی زەینێکی نەخۆش نایەت، بەڵکوو بەمانای غروور[29]ی فەلسەفیی و ڕەوشی مەترسیداری "دژە فەلسەفە" دێت. پاساوی وەها لێکدانەوەیەک لەکن بادیۆ، بەڵگەسازیی و خواستی بەرینی نیچەیە بۆ یاد و بۆنەگەلی ئاپۆکالیپسی[30]. بادیۆ لێکدانەوەی خۆی بۆ نیچە لە ڕێگەی ڕەخنەکردنی ڕاڤەیەکەوە پێشدەخات، کە تا هەنووکە لە بەشێک لە ناوەندە فەلسەفییەکاندا جێی باس بووە و، ئەویش ڕاڤەی کەسانی چون هایدیگەر و "یوجین فینک[31]"ە. ئەمانە هەرتک پێیانوابوو کۆششی نیچە بۆ تێپەڕاندنی میتافیزیکی خۆرئاوایی و ئەخلاق لەڕێگەی دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی بەهاکان، بە تەرزێکی خراپ لە ژێر باری "هەر بەتەنێ ئاوەژووکردنیان__(پێچەوانەکردنەوەی پەتی‌یان)"، مایەوە و بەئاکام نەگەیشت. لەکن بادیۆ ڕووداوی تازە لە نیچەدا نەک تێپەڕاندن، بەڵکوو بریتییە لە "بەرپێگرتن[32]"ێکی بنەڕەتی ("وەستاندنی میتافیزیک").

ڕاستییەکەی نیچە لە ***"ئەمەیە مرۆڤ"***دا، لەنێوان گوتاری "بەسەرخۆدازاڵبوونی ئەخلاق لەڕێگەی ڕاستگۆیییەوە" و گفتی "دیۆنیسیۆس لەبەرانبەر مەسیحی لەخاچدراو" وەک پچڕانێک لە جیهاندا، لە هەڵبەزودابەزدایە. لەهەمان پەڕەدا نیچە خۆی بە "دینامیت" دادەنێت و هەروەتر دێژێت ڕەنگبێت جۆک و گاڵتەوگەپێک بێت و، کاری دووبارەهەڵسەنگاندنەوە وەک کارێک باسدەکات، کە نیازمەندی خۆتەرخانکردنی مرۆڤایەتییە بۆ ئەرکی باڵای "بەخۆڕاگەیشتن"("بۆچی من چارەنووسم"، ۱). نیچە مکوڕانە دەڵێت کە دامەزرێنەری ئایینێکی نوێ نییە و شوێنەکەوتەشی ناوێت. وادەردەکەوێت لەگەڵ دەنگێکدا سەروکارمان هەیە، هەڵوەدای بەر ڕێژنەی پرسیاردانی سەرچاوەکەیەتی و پاشانیش ئەوەی کە ئێمەومانان تێیپەڕێنین. بەڵام ئاستەمە نکۆڵی لەوە بکەین نوسینەکانی دواییی نیچە، بەڕاستی نەغمەیەکی پاڵنەرە ئاییی و غەریز مەردووم تەفرەدەرەکانی تێدایە.

لە گۆشەنیگای بادیۆوە، کۆتا گفتی نیچە واتا "دیۆنیسیۆس لەبەرانبەر مەسیحی لەخاچدراو"، سیاسەتێکی بنەوانی و سەرەکییە (کە بیرکردنەوەی فەلسەفی بەدوای خۆی‌دا ڕادەکێشێت و تەنانەت دەبێت بەقوربانیی وی). بادیۆ دێژێت کێشەی وەها سیاسەتێك ئەوەیە، لەنێوان ئەوەی واقعییە و ئەوەی پێشگۆییە، جیاکاری ناکات. ئەم "ڕووداوە" هەر ئەوەیە بە تەنێ خۆی ڕادەگەیەنێت و بەس، و __بەمانای پڕاوپڕی وشەکە__ لە بازنەی ڕاگەیاندنی خەیاڵپەروەرانەی خۆیدا گیردەخوات. نیچە پێمان دەڵێت کە کێیە و بۆ ئەمە بەڵگەیش دەهێنێتەوە، وەلێ داخۆ لە واقیع‌دا شتێک هەیە کە ڕاستیی ئەم هەواڵدان و ڕاگەیاندنەی وی بسەلمێنێت؟ لەو خاڵە تێناگات کە ئەم ڕووداوە مەرجی سیاسەتە؛ وی لەبری پانتایی

---

[28] Alain Badiou (b. 1937).

[29]Pride (شانازی).

[30] Apocalypse (قیامەت، کۆتایی زەمەن).

[31] Eugen Fink (11 December 1905 – 25 July 1975).

[32] Deterrence.

سیاسەت، بە تەنێ لە کەوشەنی بیرکردنەوەدا ئەم ڕووداوە تازەیە فامدەکات و سەرئەنجام لە جیاوازیکردن لەنێوان واقعییەتی هەستپێکرا و کاریگەر و، ڕاگەیاندنی‌دا، دەستخەڕۆ و دۆشداماو دەمێنێتەوە. بادیۆ وای بۆ دەچێت نیچە بە تەنێ ئەو ئەفسانەیەی بەدەستەوە مابوو، وا لەمەڕ ئافراندنی جیهانی تازە و کۆنی هۆنیبووەوە. نیگەرانییەکانی بادیۆ سەبارەت بە ڕەگەزەکانی خەیاڵپەروەریی ناو بیرکردنەوەی نیچە، تیشکدانەوەی ئەو دڵپەرێشانیانەن وا هەوەڵینجار لەلایەن "سالۆمێ"ەوە و لە هەڵسەنگاندنە درەوشاوە و پاڵپشتییکەرە گرنگەکەی‌دا بۆ نیچە، لە ساڵی ١٨٩٤ خرانەڕوو. بە بۆچوونی سالۆمێ، هەموو ئەزموونێکی نیچە لە نەخۆشکەوتن لەتاو بیردکردنەوە و باشبوونەوە لەو نەخۆشییە دیسان لەڕێگەی بیرکردنەوەوە، کورت دەبێتەوە. تایبەتمەندی، تراژیدیا و مەزنیی نیچە ئەوەیە کە وی گیانی خۆی بۆ جیهان کرد بە نموونە و مۆدێلێک. سالۆمێ لەکۆتاییەکانی ژیانی خۆی‌دا ڕایدەگەیەنێت فرۆیدی لە نیچە لا پەسەندترە: ئاخر دۆزینەوە و کەشفی عەقڵگیری هۆشیارانەی لا پەسەندترە وەک لە پاڵەوانباوەڕیی دەستخەڕۆیانەی پرسوجۆی زێدەڕۆیانە، ئەمەش پێویستی بە دەستبەرداربوونی ئێمەیە لە خواستی تووندڕۆییمان بۆ گۆڕانکاری و ئاوەژووکردن و مکوڕبوون لەسەر قایلکردن و فێرکردن.

سەرئەنجام دەربارەی ئەو ئایدیا و کارانەی وا بیرکردنەوەی وی دەیخاتە ئەستۆمان، دەتوانرێت چی بگوترێت؟ گرنگە لەنێوان "خەملیویی فیکری و خاڵی داهێنەرانەی ئاڵنگاری‌سازی ئایدیاکانی وی" و "ئەوەی وا سەربە تخووبی خەیاڵپلاویی فەلسەفییە"، هەڵاواردن بکەین. نیچە پشکێکی پڕبایەخی لە ئەرکی سەرەکیی مۆدێرنیتەدا، واتا پرۆژەی پەرەپێدان و دەستبەرکردنی خەملیویی فیکریی ڕەگەزی مرۆیی هەیە، کە بە کانت دەستپێکرد. لەم سۆنگەوە و لەپەیوەندیدا بەم بابەتەوە، دەتوانرێت لە نوسینەکانی‌دا زەحمەت و ڕەنجدانی زۆر و هەروەتر، قووڵاییی دۆزگەلێک کە دەبێت هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت، ببینرێن. بەڵام ئەگەرچی وی ڕەخنەگری سەرسەختی پەیوەندییە ئەفسووناوییەکەی کانت بە میتافیزیکاوە بوو، کەچی خۆیشی نەیتوانی داخوازیی فەلسفە بۆ یاسادانان لەڕێگەی ئافراندنی بەهاگەلی تازە و بەدەستهێنانی ماف بۆ بانگەشەی "کەواتە دەبێت ئاوها بێت!" کەناربخات (ئەودیوی چاکە و خراپە، ٢١١). کۆششی نیچە بۆ پێشکەشکردنی ڕێچارێکی ناچاری بۆ دۆزی "ئاژەڵەمرۆڤ" لەڕێگەی پەروەراندنی جۆرێکی تازە و پرۆسێسی "هەڵبژاردن"ەوە، زیاد لەڕادە لە کانیاوی تێڕامان و تێبینیی میتافیزیکی ئاو دەخواتەوە (ئەم بابەتە لە ئامێتەکردنەکانی دواییِنی ویستی هێز، مرۆڤی باڵا و گەڕانەوەی هەمیشەیی‌دا دیار و بەرچاوە). ئێمە بە تەنێ بەدەست میتافیزیکەوە ئازار ناکێشین؛ کەچی لەگەڵ ئەمەشدا بەشێکی مەزنی بیرکردنەوەی وی لەسەر ئەم چەشنە ئازارە چڕبووەتەوە. لەگەڵ ئەم هەموو ڕاڤەیەی وی بۆ خەسڵەتی تێکچڕژاو و ئاڵۆزی "ئاژەڵە مرۆڤ" و کۆششەکانی وی بۆ دەوڵەمەندکردنی بیرکردنەوەی ئێمە لەمەڕ ئیمکانیاتی "بوون"ی مرۆڤ، هێشتاکانێ ڕەهەندە ئاڵنگاری‌سازەکانی تێفکرینی ئەو لەجێێ خۆیاندان. بەڵام لە بەرهەمەکانی دوایینی نیچەدا، "ئایدیاڵ"ە ڕەسەکانی وی بۆ گۆڕینی مرۆڤ و زەمین، شێوەی سەیروسەمەر و عاجباتی[33]

[33] Grotesque.

بەخۆدەگرن و سادەییەکی گەپجاڕانە دەنوێننەوە. ئەگەرچی نیچە لەڕێگەگەلی یەکجار داهێنەرانەوە پاتۆلۆژیی ئادەمیزاد بەرباس دەدات، کەچی سەرنجێکی ئەوتۆی ستراکچەرە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئەو واقیع و ڕاستینانەی وا شکڵپێدەر و کارتێکەری ئەو پاتۆلۆژییەن، نادات. دژایەتیی وی لەگەڵ کاپیتالیزمدا هەر دژایەتییەکی ڕۆمانتیکانەی پەتییە و بەس و، دواهەمین بیرکردنەوە سیاسییەکانی وی، داماڵدراون لە ڕوانگەیەکی جێ متمانەی ڕاستودرووست بۆ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئاڵۆگۆڕە کولتوورییەکان. لەچەند ڕەهەندێکی سەرەکییەوە، نیچە وەک ئایدیاڵیستێک و ئەخلاقباوەڕێک دەمێنێتەوە. سەرئەنجام، بیرکردنەوەی وی تا ئەو جێیە و ئەو ڕادەیەی کە وا نییە[34]، بۆ ئێمەمەومانان بەسوود دەبێت.

[34] مەبەست ئەوەیە بیرکردنەوەی نیچە ئەگەر ئامبازی ئایدیاڵیزم و ئەخلاقباوەڕی نەبێت، ئەوا بە ڕادەیەک و لەئاستی خۆیدا سوودمەندە بۆ ئێمە.